## د.بەشیر حەداد بۆ گوڵان:

# لە ئیسلامدا مرۆڤسالاری هەیە نەک نێرسالاری یان مێسالاری، مرۆڤیش بەڕێزترین دروستکراوە لای پەروەردگار، پێش ئەوەی خانمان وەک مێینە سەیر بکرێن دەبێت وەک مرۆڤ سەیر بکرێن

**ئافرەت بۆی هەیە قورئان تەفسیر بکات و باسی حوکمەکانی قورئان بکات و تەنانەت ئیجتهادیش بکات، دەتوانێت ئیمامەتی بۆ ئافرەتانیش بکات وگوتار بدات و نێر و مێ گوێی لێبگرێت. پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (نیوەی ئایینی خۆتان و شەریعەتی خۆتان لە حەزرەتی عائیشە وەربگرن)**

پرســی خانمان و کارکردنیان لەدەرەوەی ماڵ و هەروەها بەشداریکردنیان لەپرۆسەی سیاسی و حکومڕانی، گەلێک جار ئاستەنگی جۆراو جۆری بۆ دروستدەکرێت، هەتا ئەگەر خانمان بەشداری سیاسەت یان حکومڕانیش بکەن دوورن لە پرۆســەی بریار دروســتکردن و کەمتر لە پۆســتە باڵاکاندا دەبینرێن، بۆ دوورخســتنەوەی ئافرەتیش لە دروســتکردنی بریار تێڕوانینی پیاوسالاری چەندین بیانووی جۆراو جۆر دەدۆزنەوە، هەندێک جار پەیوەســتی دەکەن بە ئایینەوە، گوڵان لە ژمارەکانی پێشــتریدا چەندین لایەنی پێکهاتەی بایۆلۆژی و لیهاتوویی توانای ئەقڵی ئافرەتانی لەگەڵ پســپۆران و تایبەتمەدان باسکردووە و هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە تێڕوانینی پیاوسالاریی و هەندێک دابونەریتی کۆمەڵگە دەبنە هۆکار بۆ دوور خستنەوەی ئافرەت لە سیاسەت و پۆستە باڵاکانی حکومڕانی، بۆیە ئەمجارە ئەم پرسی مافی خانمان لە کۆی سیاسەتی کۆمەڵگەدا لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیســلامەوە دەخەینە روو، بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە، گوڵان سەردانی د.بەشیر حەداد ئیمام و خەتیبی مزگەوتی جەلیل خەیاتی لە هەولێر کردوو، بە وردی ئەم پرسەی تاوتوکرد، بە سوپاسەوە د.بەشیر حەداد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:



**خوا بۆیە مرۆڤی لە دوو ڕەگەز دروستکردووە هەتا پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هاریکاری و تەواوکاری لە نێوانیاندا هەبێت. بەمەش بە هەردووکیان دەبنە مرۆڤێکی تەواو**

**ئەگەر دانمان بەوە دانا کە ئافرەت وەک پیاو مرۆڤێکی یەکسانە ئەوا زۆر لە کێشەکانی چارەسەر دەبێت، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی سەیری ئافرەت بکرێت وەک مێینە، دەبێت وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**کاتێک ئیسلام پێش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ زیاتر مافی بە ئافرەتدا، لەو کاتەدا لەدووڕگەی عەرەبی ئافرەتیان زیندە بەچاڵ دەکرد، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی جاهیلیەت حەیا و شەرەفی خۆیان لە ئافرەتدا دەبینییەوە**

*** پەروەردگار لەو پەیامەی لە ڕیگەی قورئانی پیرۆزەوە ئاراستەی مرۆڤەکانی کردووە وشەی (الناس)ی بەکارهێناوە، وشەی (الناس) یش بۆ ئەوەیە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بگرێتەوە، ئایا تا چەند ئیستیغلالکردنی تایبەتمەندی ڕەگەزی مێینە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە دژ بە پەیامی پەروەردگار رادەوەستیتەوە؟**

- بەشێوەیەکی گشتی پێش جیاکردنەوە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ، پەروەردگار مرۆڤی دروستکردووە، بەرێزترین دروستکراویش لای خوا مرۆڤە، مرۆڤیش بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیەوە لای خوا زۆر بەرێزە، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە بێجگە لە مرۆڤ خوای گەورە دروستکراوی دیکەشی هەیە، بەڵام لەنێو هەموو ئەمانەدا مرۆڤ لە هەموویان بەرێزترە، ئەمەش لە قورئانی پیرۆزەدا پەروەردگار ئاماژەی پێداوە بەوەی دەفەرموویت (لقد كرمنا بني آدم)، ئەمەش مانای ئەوەیە ریزمان لە مرۆڤ ناوە لەبەر ئەوەی بەجوانترین شێوە دروستمانکردووە، بیرو هۆشمان پێی بەخشیوە، توانای بیرکردنەوەمان، توانای هەڵبژاردن، هەلبژاردنی نێوان چاکە و خراپەو تاریکی و ڕووناکیمان داوەتێ، هەروەها هەر مرۆڤیشە توانای هەڵبژاردنی شتی دژ بە یەکیشی هەیە، یەکێك لە دروستکراوەکانی دیکە فریشتەکانن کە ئەوان تەنها خواپەرستی دەکەن و تەنها توانای کاری چاکەیان هەیە و ناتوانن کاری خراپ ئەنجامبدەن، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەر تەنها چاکەی کرد و خراپەی نەکرد، ئەوا لای خوا لە فریشتەش بەرێزترە. بێگومان مرۆڤیش پیاو و ئافرەت یان نێر و مێ یە، خۆ خوای گەورە دەیتوانی مرۆڤایەتی لە یەك ڕەگەز دروستبکات، بەڵام خوا بۆیە مرۆڤی لە دوو ڕەگەز دروستکردووە هەتا پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هاریکاری و تەواوکاری لە نێوانیاندا هەبێت. بەمەش بە هەردووکیان دەبنە مرۆڤێکی تەواو، ئەمەش بەو مانایەی نێر بە بێ مێ ژیانەکەی کەموکورتی هەیە بە هەمان شێوە (مێ) ش بێ نێر ژیانی ناتەواوە، بەڵام هەردووك کە بەشدار بوون لە دروستکردنی ژیان بەرەو پێشەوە بردنی ژیان.

پەروەردگار لە قورئاندا بێجگە لەوەی وشەی (الناس)ی بەکارهێناوە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، بەڵام ئایەتی دیکەشمان هەیە کە زۆر راشکاوانەتر باس لە ئافرەت دەکات، هەربۆنموونە پەروەردگار سورەتیکی درێژی قورئانی ناو ناوە(النساء)، ئەمە لە کاتێکدا سورەتێك نیە بەناوی پیاوانەوە، هەروەها زۆر لە ئەحکامی پەیوەست بە ئافرەتان لە سورەتی (النساء) باسکراوە، لە سەرەتای ئەم سورەتە پەروەردگار دەفەرموویت:یا ایها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة، وخلق منها زوجها) ئەمەش واتە ئەی خەڵکینە خواپەرستی ئەو خودایە بکەن و فەرمانەکانی ئەو خوایە جێبەجێ بکەن، کە هەمووتانی لەیەك سەرچاوە دروست کردووە، ئەویش حەزرەتی ئادەمە، کەواتە ئەو سەرچاوەیەی کە پیاوی دروستکردووە هەمان سەرچاوەیە کە ئافرەتیشی دروستکردووە، هەر بۆیە ژن و پیاو یان نێرو مێ لە مرۆڤایەتی یەکسانن، ئەم یەکسانییە بەرزترین یەکسانییە کە ئەمرۆ لە جیهاندا کەم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر دانمان بەوە دانا کە ئافرەت وەك پیاو مرۆڤێکی یەکسانە ئەوا زۆر لە کێشەکانی چارەسەر دەبێت، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی سەیری ئافرەت بکرێت وەك مێینە، دەبێت وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دانی پێدا بنرێت..کەواتە حیکمەتی پەروەردگار لە دروستکردنی مرۆڤ بە دوو ڕەگەز بۆ ئەوەیە تەواوکاری یەکتری بن و هەریەکەیان بەشێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکەن، لەبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکان نە هەمووی بە پیاو دەکرێت نە هەمووشی بە ئافرەت دەکرێت، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەشەی ئافرەتیش، خوا هەموو توانایەکی بە ئافرەت بەخشیوە بۆ ئەوەی بەشەکەی خۆی بە بەباشی جێبەجێ بکات، ئەم توانایەش، توانا و لیهاتووی ئەقڵی ئافرەت بێت، یان شێوازی تایبەتمەندی دروستکردنی بایۆلۆژی جەستەی ئافرەت بێت، لەبەر ئەوەی جەستەی ئافرەت لە ڕووی بایلۆژییەوە جیاوازە لە جەستەی پیاو، کەواتە نێر و مێ لە ڕووی پێکهاتەی بایلۆژییەوە وەك یەك نین و یەکسان نین، هەر ئەمەش پەروەردگار دەفەرموویت (و ليس الذكر كالانثى)، ئەمە مانای ئەوە نییە ئافرەت وەك پیاو نییە، لە مرۆڤایەتی یان ئەرك و ماف، بەڵکو لەڕووی پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە، ئەم پێکهاتە بایلۆژییە جیاوازەش کۆمەڵێك تایبەتمەندی داوە بە ئافرەت، بۆ نموونە ئافرەت توانای منداڵ بوونی هەیە، ئەمە لە پیاودا نییە، ئافرەت توانای ئەوەیە سۆزی زیاتر بە کۆرپەکەی ببەخشێت، پیاو ئەو توانایەی نییە، ئەگەر هەشی بێت لە توانای سۆزداری ئافرەت کەمترە، لەبەرامبەردا پیاو بەشێوەیەکی گشتی توانایەکی جەستەیی زیاتری لە ئافرەت هەیە، بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە نێر و مێ یان ژن و پیاو پێکەوە دووباڵی ژیان پێکدەهێنن. بەڵام ئەم دووباڵە هەر یەکەیان ئەرکی خۆی هەیە و تایبەتمەندی هەر یەکێکیشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی هەر یەکەیان. بۆیە ئەو تایبەتمەندیانەی ئافرەت بۆ ئەوە نییە پیاو ئیستغلالی بکات، بەڵکو ئەم تایبەتمەندیانە بۆ ئەوەیە بە هاوکاری لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی پیاو ژیان دروست بکات و ژیان بەرەو پێشەوە ببات، لەمبارەوە پەروەردگار دەفەرموویت (هن لباس لكم، وانتم لباس لهن)، ئەمە واتە ئەی پیاوان ئێوە تەواوکاری ژنانن، ژنانیش تەواوکاری پیاوانن، ئەمەش واتە یەکسانی، بەڵام یەکسانی لە ڕۆڵی هەریەکەیان، کە هەر یەکەیان کەموکوڕی ئەوی دیکەیان تەواو دەکات.

*** بەپێی دیکۆمێنتە مێژووییەکانی فیکری سیاسیی، ئەوە تەنها پەیامی پەروەردگارە کە پەیامەکەی ئاراستەی (الناس) کراوە وەك هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا بکەین تەنها ئاراستەی پیاو کراوە، هەروەها ئەگەر سەیری لائیحەی**

**مافەکانی هاووڵاتیبوونی شۆڕشی فەرەنسا بکەین، دەبینین هاووڵاتی تەنیا پیاوی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لەگەڵ ئەوەی ئێمەی موسڵمانان خاوەنی ئەو پەیامەی پەروەردگارین کە هەردوو رەگەزی نێر و مێی بە یەکسانی سەیرکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەفسیری ئەو پەیامە پیرۆزە تەنها لەلایەن پیاوانەوە کراوە، ئەوا لە تەفسیرەکەدا هێندەی مافەکانی رەگەزی نێر زەقکراونەتەوە مافەکانی رەگەزی مێ شاردراونەتەوە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا قورئان رێگەی بەوەداوە رەگەزی مێ بەوجۆرە قورئان بخوێنێتەوە کەوەك رەگەزی مێ ئیجتیهادی تێدا بکات، یان فەرزە دەبێت رەگەزی مێ تەنها تەفسیری رەگەزی نێر بۆ قورئان جێبەجێبکات؟**

- پرسیارەکەتان زۆر لق و پۆپی لێدەبێتەوە، ئەمە تەنها یەك پرسیارە بەڵام ١٠ پرسیاری لەناخیدا هەڵگرتوو، بۆیە دەبێت زۆر بە ووردی وەڵامیان بدەمەوە، جارێ پێش هەموو شت تۆ باسی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا و لائیحەی مافەکانی هاووڵاتیبوونی فەرەنسات کرد کە تەنها ئاراستەی پیاوکراوە، من دەڵێم نەك هەر لەو دوو دیکۆمێنتەدا، بەڵکو لە ئەوروپا هەتا ماوەیەکی زۆر نزیك دان بە بوونی ژندا نەهاتووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە لە کۆمەڵگە کۆنەکانی ئەوروپا و چین و یۆنان، بەو جۆرە سەیری ژنیان دەکرد بەوەی گیانێکی شەیتانییە و جنۆکەیە، ئەمەش واتە راستە ژن بە دەموچاو وەك مرۆڤە، بەڵام رۆحی ژن وەك رۆحی پیاو نییە و رۆحی پیاو زۆر بەرز و پیرۆزترە لە رۆحی ژن، هەروەها ژن بۆ ئەوە دروستکراوە کە چێژ بە پیاو بدات و خزمەتی بکات و وەچە بخاتەوە و بەس و هیچ مافیکی بەرامبەر بە پیاو نییە، کاتێك ئیسلام پێش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ زیاتر مافی بە ئافرەتدا، لەو کاتەدا لەدوورگەی عەرەبی ئافرەتیان زیندە بەچاڵ دەکرد، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی جاهیلیەت حەیا و شەرەفی خۆیان لە ئافرەتدا دەبینیەوە، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە کچیان زیندە بەچاڵ دەکرد، بەڵام کە ئیسلام هات ئەمەی قەدەغەکرد و پێ گوتن ئێوە چۆن ئەوە دەکەن گوناهبارن وەك پەروەردگاریش فەرموویەتی: (وإذا الموؤدة سئلت بأي ذنب قتلت)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کۆرپە زیندە بەچاڵکراوە رۆژی قیامەت زیندوو دەکرێتەوە و دەپرسیت خوایە لە باوکم بپرسە بە چ تاوانێك منی زیندە بەچاڵ کردووە، لە کاتێکدا منیش مرۆڤیك بووم وەکو ئەوان، بۆیە ئیسلام ئەمەی بە تاوان لەقەڵەمداو قەدەغەی کرد، کاتێك ئیسلام بەشی ئافرەتی لە دارایی و پول و پارە دانا، یان ئەو ئیشەی ئافرەت بۆخۆی دەیکات دەبێت داهاتەکەی بۆخۆی بیت، یان بەشی ئافرەت لە میرات، یان کاری بازرگانی و سەرمایەداری بکات و کۆمپانیایەکی گەورەی هەبێ بۆ هاوردەکردن و ناردنە دەرەوەی کاڵا و شمەك، کە ئێستا ئەم کارە تەنها بۆ پیاوانە، واتە ئیستا بزنسمانە ئەو کات بزنسووەمەن بووە، لەئەوروپای ئەو کاتدا نەك ژن بۆی نەبوو کار بکات، بەڵکو بۆی نەبوو تەنها خاوەنی یەك

فلسیش بێت، بۆیە هەرچی هەبوایە هەتا کچ بوو بەناوی باوکی بوو، کە شووی دەکرد بەناوی میردەکەی بوو، هەتا ئەم ساتەی ئێستا من ئەم قسانەی تێدا دەکەم، لە رۆژئاوا ئافرەت ناوی خۆی هەڵناگرێت، هەتا کچە ناوی باوکی هەڵدەگرێت کە شووی کرد ناوی مێردەکەی هەڵدەگرێت، پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێت ناوی مێردەکەی هەڵبگرێت؟ ئایا ناکرێت مێردەکە ناوی ژنەکەی هەڵبگریت؟ هەر بۆ نموونە لای خۆمان چەندین پیاوی گەورە بە ناوی دایکیانەوە دەناسرێن، ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە بواری داوە پیاو بەناوی ژنەوە بناسرێت، لەبواری خوێندن و فێربوون، پێغەمبەر(د.خ) رێگەی کردەوە کچی موسڵمان فێری خوێندن بێت، فێری زانست و زانیاری بیت، بێجگە لەمانەش بۆ نموونە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب (خ.ل) لە شاری مەدینە ئافرەتێك هەبووە ناوی شیفای کچی عەبدوڵا بوو، کاری (الحسبە) ی دەکرد، واتە کاری سەرۆکی شارەوانی دەکردو سەرۆکی شارەوانی مەدینە بووە، ئەم خانمە لەناو شاری مەدینە سوڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بزانیت چ سەرپێچییەك لە بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە دەکرێت، ئەمە لە ئیسلامدا هەبووە کەی لە ئەوروپا شتی واهەبووە، لەمەش زیاتر کاتێك ئیسلام بوار دەدا ئافرەت کاری خۆی بکات و بە یەکسانی وەك پیاو مووچەکەی بدەیتێ بێ ئەوەی لێی کەمبکەیتەوە، بەڵام لە رۆژئاوا کاریان بە ئافرەت دەکرد بە کاتژمێری زیاتر و بە مووچەی کەمتر لە پیاوان، هەتا خۆپیشاندانەکانی کرێکارە ئافرەتەکانی شیکاگۆ کە بەتوندی سەرکوتکران، ئەو رۆژە رۆژی ٨ی مارس بوو کرا بەرۆژی ئافرەتان و ژنان دیاریکراوە، هۆکاری ئەو خۆپیشاندانە ئەوەبوو کە ئافرەتان زیاتر لە پیاو کاریان دەکرد و مووچەکەشیان لەپیاو کەمتر بووە، هەروەها ئیستیغلال و هەتك دەکران، هەروەها ئیسلام مافی ئەوەی بە ئافرەتداوە بەوەی راوێژی پێبکرێت، پێغەمبەر(د.خ) کە هەم سەرۆکی دەوڵەت بووە، هەم وەك پێغەمبەر(د.خ) هەم وەك سەرکردە، لەیەکێك لە کاتە زۆر هەستیارەکان و لە سوڵحی حودەیبییە کە خەریك بوو موسڵمانان پارچە پارچە بن، هات راوێژی بە خێزانەکەی خۆی کرد کە ناوی (ام سلمە) بوو لەگەڵیدا بوو، ئوم سەلەمە راوێژی پێشکەشی پێغەمبەر(د.خ) کرد و بەراوێژەکەی ئەو کێشە چارەسەرکرا و موسڵمان لە پارچە پارچە بوون رزگارکرا، کەواتە لەو کاتە ناسکە پێغەمبەر(د.خ) بەقسەی ژنی کرد، ئەم رووداوە ئەو قسەیە رەشدەکاتەوە کە ئێستاش لەناو خەڵکیدا باوە کە دەڵین: (راوێژ بە ژن بکە، بەڵام بە قسەی مەکە)، چونکە پێغەمبەر (د.خ) راوێژی بە ژن کردووە و بەقسەشی کردووە و سەرکەوتووش بووە، جگە لەمە ئافرەت لە ئیسلامدا مافی پەنابەرێتی داوە بەخەڵك، هەر بۆ نموونە لەکاتی فەتحی مەکە، هەندێك لە بێ بڕوایان کەپێشتر زۆر قسەیان بە ئیسلام و پێغەمبەر (د.خ) گوتبوو، دەترسان بکەونە دەست موسڵمانان و بکوژرێن، لەگەڵ ئەوەی

**هەتا ئێستاش لەرۆژئاوا ئافرەت ناوی خۆی هەڵناگرێت، کچە ناوی باوکی هەڵدەگرێت کە شووی کرد ناوی مێردەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام لەکوردەواری خۆمان چەندین پیاوی ناسراو هەن ناوی دایکیان هەڵگرتووە.**

**ئیسلام مافی بە ئافرەتداوە راوێژی پێبکریت، پێغەمبەر (د.خ) لەیەکێک لە کاتە زۆر هەستیارەکان و لە سوڵحی حودەیبییە راوێژی بە خێزانەکەی (ام سلمە) کرد و راوێژەکەی وەرگرت و بەقسەشی کردوو سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) راوێژی ژنی قبوڵ بووە و بەقسەشی کردووە**

**ئیسلام بواری ئەوەی داوە ئافرەت مافی پەنابەری سیاسیی بدات و پێغەمبەریش (د.خ) ئەم مافەی پەسەند و قبوڵی کردووە**

**لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب (خ.ل) ئافرەتێک سەرۆکی شارەوانی مەدینە بووە و ڕۆژانە ئەم خانمە بە ناو شاری مەدینە سوڕاوەتەوەو سەرپەرشتی کاروبارەکانی کردووە و کێشەکانی چارەسەر کردووە**

**پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ((بوونی کچ لەماڵدا بەرەکەتە، کە بوو بە هاوسەر دەبێتە نیوەی ئیمان بۆ پیاو، کە بووە دایک بەهەشت دەکەوێتە ژێر پێی دایکان)) من دەڵیم مرۆڤیک ئەوەندە گەورە بێت چۆن نەیخەینە سەرسەرمان؟**

**ئیسلام مافی بە ئافرەتداوە بەڵام ئیمەی موسڵمانان وەک ئیسلام مامەڵە لەگەڵ مافی ئافرەتان ناکەین و مافەکانیان پێشێل دەکەین**

پێغەمبەر هەموویانیشی ئازاد کردبوو، بەڵام یەکێك لەو بێ باوەڕانە زۆر دەترسا پەنای بۆ ماڵی (ام هاني) ) ئامۆزای پێغەمبەر(د.خ) و خوشــکی عەلی بن ئەبی تالیب(خ.ل) بــرد و داوای کرد خۆی بشــارێتەوە، بۆیــە بە ئوم هانی وت پەنــام بۆ تۆ هێناوە عەلی بــرات دەیەوێت بمکوژێت، ئوم هانــی پێی وتووە،وا من پەنــات دەدەم کەس ناتوانێت دەســتت بۆ بەرێــت، هەتا عەلی بن ئەبــی تالیب (خ.ل) زانی ئەم پیاوە لەماڵی خوشــکیەتی، هەستا چووە ماڵی ئوم هانی خوشــکی داوای لیکردووە ئەو کەسەی تەسلیم بکات و بیکوژیت، بەڵام ئوم هانی داواکەی ئیمامی عەلی ڕەتدەکاتــەوە وپێی دەڵێت: با بچینــە لای پێغەمبەر(د.خ) بۆ ئەوەی ئەو حوکمــان بکات، کە دەچنە لای پێغەمبەر (د.خ)، ئوم هانی پێی دەڵێت: فلان پیاو کە ئێوە فەرمانی کوشــتنتان داوە هاتۆتە ماڵەکەی مــن و داوای پەنادانی کردووە و منیش پەنامداوە، کەچی ئێستا عەلی بەدوایەتی و دەیەوێت بیکوژێت، پێغەمبەر دەفەرموویت (قد اجرنا من اجرت یا ام هاني) واتە ئەوەی تۆ پەناتداوە، ئێمەش دانمان بە پەنادانەکەی تۆ دانا کەس ناتوانێت بیکوژێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئافرەت مافی پێدانی پەنابەری هەبووە، با لەخۆمان بپرســین ئایا ئەم هەموو مافەی ئیســلام بە ئافرەتی داوە ئەمڕۆ ئاشکرا دەکرێن، ڕاستە ئەمانە وەك مێژوویەك بوونیان هەیە، وەك ئاینیش پێویســتە ئێمە وەك موسڵمان جێبەجێی بکەین، لەمەش گرنگتر کاتێك پێغەمبەر(د.خ) ئەمانەمان پیشــاندەدا، واتە ئەمانە دەکرێــن، ئیمامی عومەر (خ.ل) بۆیە ئافرەتێکی کردە سەرۆك شارەوانی واتە ئەمە دەکرێت، پێویســتە ئێمەش بیکەین، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) بواری دا ئافــرەت بخوێنێت و بازرگانی بکات، بــۆ ئەوە بوو پێمان بڵێت ئەمانە دەکرێن، لەمەش گرنگتر باســەیری تێڕوانینی ئیسلام بکەین بۆ ئافرەت، (د.خ) فەرموویەتی بوونی کچ لەماڵــدا بەرەکەتە، نەیوتووە بوونی کوڕ بەرەکەتە،(من برکة الامرأة تبکیرها بالانثی) ئەمەش واتە ئەگەر خوای گەورە بەرەکەت بهاوێتە دایکێك یان ماڵێك نۆبەرەکەی کچ دەبێت، ئەمەش واتە ئافرەت هەتا کچە بەرەکەتە، کە بوو بە هاوسەر نیوەی ئیمانە بۆ پیاو، کە بوو بەدایك ئیسلام دەڵێت بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، پرســیاری مــن ئەوەیە چۆن دەبێت ئافــرەت ئەم مرۆڤە بێت و لەســەر ســەرمی دانەنێم؟ من ئیســلام وام پێدەڵێت،، بەڵام ئەوەش ڕاستە ئێمەی موسڵمان لە واقیعی خۆماندا وەك ئایینەکەی خۆمان کە ئیســلامە مامەڵە ناکەین، بەداخەوە ئێمەی موســڵمان وەك ئیســلام مامەڵــە لەگەڵ ئافــرەت ناکەین، زۆر جــار توندوتیژی بەرامبــەر دەکەین و مافی دەخۆین، وەك مرۆڤ ســەیری ناکەیــن، بۆیە خەڵك وادەزانێت ئایینەکە بەو جۆرەیە، نەخێر ئاینەکە بەو جۆرە نییە وەك باسم کرد، بەڵکو ئەوە موسڵمانن وەك ئایینەکە مامەڵە ناکەین.

*** ئەی سەبارەت بە تەفسیرکردنی قورئان لەلایەن ئافرەتەوە ئایا جائیزە؟**

- ڕاســتە تەفســیری قورئان زۆربەی پیاو دەیکات، بەڵام ئافرەتیشــمان هەیە تەفســیری قورئانی کردووە، ئافرەتمان هەیــە زانای ئایینییە، حەزرەتی عائیشــە لە ســەردەمی پێغەمبەر(د.خ) قورئانی تەفســیر کردووە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویت:(ئەی خەڵکینە ئەی پیــاوەکان نیوەی ئاینی خۆتان نیوەی شــەریعەتی خۆتان ئا لەم ئافرەتە سوورکەلەیە وەربگرن) کە مەبەســتی حەزرەتی عائیشەیە، لە سەردەمی ئومەویەکان لە دیمەشق و لەناو مزگەوتی ئومەوی ئافرەتێك ناوی (ام الدرداء) بوو وانەی دەوتەوە، بەسەدان زانای گەورە گەورەی پیاو لە پۆلەکەی دادەنیشتن و (ام الدرداء) زانستی فێردەکردن، ئێســتاش بە دەیان و بەســەدان ئافرەتمان هەیە، هەڵگری بروانامەی دکتۆراو شــەریعەتی ئیسلامین، بەڵام ناویان دیــار نییە، بەڵی وەك ئایین چــۆن پیاو بۆی هەیە باس لە ئایەتێك بکات و تەفســیری بکات، بەهەمان شــێوە ئافرەتیش بۆی هەیە باســی بکات وتەفسیری بکات، بۆی هەیە باســی حوکمێکی قورئان بکات، بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات، لەمەدا هیــچ جیاوازییەك لەنێوان ژن و پیاودا نییە. ئەوجــا ئافرەت بۆخۆی ئەم کارە ناکات، یان پیاوەکان کەمتر بواریان پێدەدات، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیەو ئاینەکەمان واناڵێت. باشە لێرەدا گرنگە پرسیار بکەین، ئایا چی بکەین لە کاتێکدا ئاینەکەمان بــەو جۆرە ڕێزی ئافرەت دەگرێت و موسڵمانی مرۆڤ کەموکوڕی هەیە؟ من پێموایە زۆر پرس هەیە زۆر گرنگە ئافرەت بیزانیت لەوانە: دەبێت ئافرەت بوێر و چاونەترس بێت، چونکە ناکرێت ئافرەت لەبەر شــەرمکردن واز لەهەموو مافەکانی خۆی بهێنێت. بۆیە ئافرەت پێویستە بوێرانە داوای مافی خۆی بکات، بەڵام داوای زیاتر نەکات لەبەر ئەوەی دەبێتە زوڵــم، بۆیە گرنگە ئافرەت بزانێت وەك شــەرع، لەشــەرعدا مافیکی زۆری هەیە، وەك یاساش، لە یاساکاندا مافیکی زۆری هەیە. ئافرەت بەپێی شەرع و یاسا مافیکی زۆری لە میراتدا هەیە، بەڵام زۆر جار لەبەر ئەوەی شــەرم دەکات و دەڵێت عەیبە بچمە دادگا واز لە مافەکەی خۆی دەهینیت، نموونەیەکی دیکە مەسەلەی تەڵاق، دەڵین تەڵاق بەدەستی پیاوە، پێویستە ئافرەت بزانێت کە ئیسلام ئەو مافەی پێداوە و چوار جۆر تەڵاق هەیە یەکێکیان بەدەســتی پیاوە بەمجۆرە: (تەڵاقێك وەك ئەوەی باوە بەدەســتی پیاوە، تەڵاقی جۆری دووەم بەدەســت ژنە، تەڵاقی سێهەم بەدەست هەردووکیانە، تەڵاقی چوارەم بەدەســتی کەسی سێهەمە). کەواتە تەڵاقی یەکەم ئەوە تەڵاقی ئاســاییە بەدەستی پیاوە، تەڵاقــی دووەم کە بەدەســتی ژنە، ئەوەیــە کاتێك کە ژن مێــرد دەکات مافی خۆیەتی لەکاتــی مارەکردن بڵێت من بە مەرجێــك مێرد بەتۆ دەکەم تەڵاق بەدەســتی خۆم بێت، واتــە مێردەکە ئەو مافە بداتــە ژنەکە کە تەڵاق لای ئەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ژنەکە دەڵێت تۆ هەر کاتی من تەڵاق بدەیت هەتا من ڕازی نەبم ئەم تەڵاقە نەکەوێت، بۆیە ئەگەر پیــاو ئەم تەفویــزەی دا، ئەوا تەڵاق دەکەویتە دەســت ژن، تەڵاقی سێهەم بەدەست هەردووکیانەوەیە، ئەمەش بەو جۆرەیە



کە مەسەلەی (خلع)ە، پیاوەکە دەڵێت من تەڵاقت دەدەم بەمەرجێك من چ مارەییم بەتۆ داوە بمدەیتەوە، ژنیش دەڵێت ئەوەندە زێڕ و مارەییت دەدەمەوە بەمەرجێ تەڵاقم بدەیت، ئەمە بەرێککەوتنی هەردووکیان پێی دەگوترێت(خلع). تەڵاقی چوارەم ئەمەیان ئەوجۆرەیە کە پیاوێکی زاڵم زوڵم لە ژنەکەشی دەکات وتەڵاقیشی نادات، ژن شەکوای خۆی دەباتە دادگا و دادگا بانگی پیاوەکە دەکات، کە بۆی دەرکەوت پیاوەکە زاڵمە، ئەو کات دادگا تەڵاقی دەدات، هەروەها لەمەسەلەی میراتیشدا کە دەڵێن (ئافرەت نیوەی پیاو دەبات) من دەمەوێت ئەمەش روون بکەمەوە، کە ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا وانییە،بەڵکو ئەمە تەنها یەك حاڵەتە لەناو ٣٢ حاڵەتدا، واتە ٣٢ جۆر دابەشکردنی میرات هەیە، تەنها لەیەك جۆریاندا ژن نیوەی پیاوی بەردەکەوێت. ئەمەش واتە ئەگەر پیاو مرد و کوڕ و کچی لەپاش بەجێما، ئەوە کچ نیوەی کوڕی بەردەکەویت، بەڵام ئەگەر کچەکە بەتەنیا بوو برای نەبوو، ئەوا نیوەی سامانی باوکەکە بۆ کچەکەیە، ئەگەر دوو کچ بوون، دوو لەسەر سێی میراتەکە بۆ کچەکانە و یەك لەسەر سێی بۆ کەسوکارەکەیەتی، ئایا ئافرەت لە پیاو زیاتر میراتی وەرنەگرتووە؟ کاتێك پیاو دەمرێت و دایکی و باوکی لە ژیاندا ماون، ئەوا لە میراتی کوڕەکەیان یەك لەسەر شەش بە یەکسانی بۆ دایك و باوکە، ئایا لێرەدا ژن و پیاو یەکسان نەبوون؟ بۆیە گرنگە ئافرەت بزانیت ئەو مافانەی هەیەو داوای بکات.

*** ئایا لەروانگەی خواپەرستی و ئەرکەکانی سەرشانی نێر و مێ، ئیسلام جیاوازی کردووە، یان ئەرکەکانی بەیەکسانی بۆ هەردوو رەگەز دیاری کردووە؟**

- ئەرکی نێر و مێ لە ئیسلامدا دیارکراوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ناتوانین بڵێین مێ لە نێر زیاتر پابەندە بەرێنماییەکانی پەروەردگار، بەڵکو کامیان زیاتر پابەندتر بێت ئەویان لای خوا بەرێزترە(ان اکرمکم عند اللە اتقاکم)، ئەمەش واتە لەئیسلامدا نێرسالاری نییە، هەروەها مێسالاریش نییە، بۆیە ئەو کەسە (ئەوجا چ نێر بێت یان مێ) لای خوا نزیکترە کە باشتر ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات، بەڵام ئافرەت بەپێی سروشتی خۆی و ئەو ئەرکەی بۆی دیاریکراوە، هەندیك تەکلیفاتی کەمترە لە پیاو،واتە ئەو داوایە کە لە ژن کراوە کەمترە لەو داوایەی لە پیاو کراوە، بۆ نموونە پیاو داوای لێکراوە لە کاتی دوژمنکاری بۆ سەر نیشتمان یان وڵاتی موسڵمانان جیهاد بکات، بەڵام ئەم داوایە لە ژن نەکراوە و واجب نییە، لەو حاڵەتەدا نەبێت ئەگەر شەڕەکە زۆر قورس بێت و ژنان بچن بۆ تیماری برینداران یان هاوکاری براکانی بکات و پێداویستییەکانیان بۆ ئامادە بکات، هەروەها نوێژی هەینی لەسەر پیاو واجبە ئەگەر پیاو نەچێت گوناهبار دەبێت، بەڵام بۆ ژن واجب نییە، ئەگەر بشچێت خێری بۆ دەنووسرێت،بەڵام ئەگەر نەشچێت بۆ نوێژی هەینی لەبەر کاریماڵەوە گوناهبار نابیت. ئافرەت لەرووی پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە تایبەتمەندی خۆی

**چوار جۆر تەڵاق هەیە تەنها یەکێکیان بەدەست پیاوە، تەڵاق بەدەست ئافرەتیشە و لە کاتی مارەکردن دەتوانێت داوا بکات تەڵاق بەدەست خۆی بێت، تەڵاق بە هاوبەشی ژن و پیاو دەدریت، هەروەها دادگا بێ ڕەزامەندی پیاو دەتوانێت تەڵاق بدات و ئافرەتەکە ڕزگار بکات**

هەیە، بۆنموونە لە کاتی سووڕی مانگانەدا لە نوێژکردن و بەرۆژوو بوون دەبووریت، بەڵام پیاو ئەم تایبەتمەندییەی نییە. بۆیە هەر ئەمە وایکردووە کە ئافرەت زیاتر پابەند بیت، هەروەها پێغەمبەریش دەفەرموویت هەر ئافرەتیك لەو ئەرکەی بۆی دانراوە بەباشی جێبەجێی بکات و هاوکار بێت بۆ هاوسەرەکەی و ئاگاداری زمانی بێت ئەوا دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکرێنەوە.

*** بەڕێزت وەك ئیمام و خەتیب کە ئیمامەتی نوێژی هەینی دەکەیت، ئەوانەی گوێ لەوتاری ڕۆژی هەینیت دەگرن و ئەوانەشی لەدوای تۆوەوە نوێژ دەکەن، بریتین لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ(بەڵام لە دوو شوێنی جیاواز)، ئایا تۆ وەك ئیمامێك لە گوتاری هەینی و لە پێدانی رینمایی وئامۆژگاری بەو خەڵکانەی دێن بۆ نوێژی هەینی، جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەکەیت؟ ڕاشکاوانەتر ئەگەر تۆ لە مزگەوتێك ئیمامەتی بکەیت نوێژکەران هەموویان ڕەگەزی نێر بن، وتارەکەت گۆڕانکاری بەسەردا دێت ئەگەر نوێژکەران لە هەردوو ڕەگەزەکە تێکەڵ بن؟**

- وتاری هەینی بەشێوەیەکی گشتی بۆ موسڵمانانە، بەڵام یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی وتار ئەوەیە کە وتاربێژ سەرنج بدات، ئەو خەڵکانەی گوێ لەوتارەکەی دەگرێت کێن، لەوانە گەنج، پیر، منداڵ، خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیە، ژن و پیاو هەیە، بۆیە پێویستە وتارەکە گشتگیر بێت و بەشی هەموانی تێدا بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نابێت وتاری وتاربێژی نوێژی هەینی هێندە ئاستەکەی بەرز بێت تەنها دەستەبژێرێکی خویندەوار تێی بگات، هەروەها نابێت هێندە سادە بێت کە خەڵك تاقەتی نەبێت گوێی لێبگریت، بۆیە دەڵێم بەڵێ دەبێ وتار جیاواز بیت، بەڵام جیاوازییەکە لەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ژن جیاوازن لە پیاو، بەڵکو کاتێك وتار بۆ ئافرەتان دەدەیت هەندێك ئامۆژگاری هەن تەنها بۆ ئافرەتانە بۆیە دەبێت زیاتر بایەخ بەم لایەنە بدرێت، هەروەها کە باسی ئەرکی پیاویش دەکەین، دەبێت گوتارەکەمان ئاراستەی پیاو بکەین. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پێویستە وتار گشتگیر بێت و بەشی هەموو لایەکی تێدابیت.

*** بەڕێزتان پێش ئەوەی ببنە یاسادانەر(پەرلەمانتار) بن، ئیمام و خەتیبن و لەمەش زیاتر هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بەپێی دیراسەتێك کە بە ناونیشانی (لێگەڕێن با ژنان حکومڕان بن)، ئاماژە بەوە کراوە کە محەمەدی شەشەم پادشای مەغریب لەبەر ڕۆشنایی خویندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ شەریعەتی ئیسلام، ڕێگەی داوە لە ساڵی ٢٠٠٦، نزیکەی ٥٠ خانمی مەغریبی بڕوانامەی ئیمامەتی وەربگرن و لە مزگەوتەکاندا ئیمامەتی نوێژی هەینی بکەن، ئەم بابەتە لەوانەیە بۆ پیاوانی مەغریب ئاسان نەبێت لەدوای ژنەوە نوێژ بکەن، بەڵام پێمان دەڵێت ژنانیش وەك پیاوان مافی ئیمامەتیان هەیە، ئایا بەڕێزت سەبارەت بە بوونی ئافرەت بە ئیمام چی دەڵێیت؟**

- پێش هەموو شت حکومڕانی بۆ ئافرەت جیاوازە لە ئیمامەتی ئافرەت، لەبەر ئەوەی لە ئیسلامدا ئافرەت بۆی هەیە زۆر لەو کارو پیشانەی پیاو ئەنجامیدەدا بە هەمان شێوەی پیاو ئەنجامی بدات، ئەمەش واتە بۆی هەیە فەرمانبەر،بەڕێوەبەر، پەرلەمانتار، وەزیر، ڕاوێژکار، هەتا هەندێك لە زانایان بواری ئەوەیانداوە ئافرەت دادوەر (حاکم)یش بێت، هەندێك لە زانایانی دیکە بواری ئەوەیان داوە ئافرەت ببێتە سەرۆکی گروپێك و وڵات بەڕێوە ببات واتە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی وڵاتیش بێت، بەڵام بۆ نوێژ، مەسەلەی نوێژ جیاوازە، فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەر(د.خ) و کۆی بۆچوونی هەموو زانایانی ئیسلامی ئەوەیە، کە ئافرەت تەنها دەتوانێت ئیمامەتی بۆ ئافرەتان بکات، واتە ئافرەت دەتوانێت پێشنوێژی بۆ ئافرەتان بکات، بەڵام ئافرەت پێش نوێژی بۆ پیاوان بکات، ئەوا بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) و کۆی زانایان جائیز نییە ئافرەت پێش نوێژی بۆ پیاوان بکات، دەکرێت ئافرەت قسە بۆ پیاو بکات و ڕێنمایی بداتە پیاو، بەڵام بۆ مەسەلەی پێش نوێژی بە تەنها ئەمە جائیز نییە.

*** واتە مەبەستت ئەوەیە ئایینی ئیسلام ڕێگە نادات ئافرەت ئیمامەتی بکات؟**

- با وەڵامەکە بەدرووستی بدەمەوە، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا جائیز نییە ئافرەت ئیمامەتی بۆ پیاوان بکات، بەڵام ئافرەت دەتوانێت ئیمامەتی بۆ ژنان بکات، بەمەرجی نوێژکەران هەموویان ژن بن، بەڵام ئافرەت مافی هەیە قسە بۆ ژنان و پیاوان بکات و وتاریان پیشکەش بکات.

*** ڕەگەزی مێ هەتا ئیستا وا تێگەیشتوون، لە پرۆسەی هاوسەرگیری تەنها ئەهلیەتی زەواج بۆ پیاو دیاری کراوە و ئافرەت تەنها هێندە پرسی پێدەکرێت کە بە کوڕەکە ڕازییە یان نە، بەڵام بۆ ڕەگەزی نێر بەرپرسیاریەتی زیاتر دانراوە کە ئەویش پەیوەستە بە توانای خیزان بەخێوکردن، کە پەیوەستە بە پەیداکردنی پارە، بەڵام لە بەرامبەریشدا پەروەردە کردنی خیزانیش هەیە، ئایا پەروەردەکردنی خێزان پێویستی بە ئەهلیەت نییە و دیاری نەکراوە؟**

- بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری داوای ئەهلیەت هەم لە کوڕ کراوە هەمیش لە کچەکە، پێغەمبەر(د.خ) ئەو مەرجەی بۆ ئەهلیەتی پیاو داناوە هەمان مەرجی ئەهلیەتیشی بۆ ژن داناوە لە پرۆسەی هاوسەرگیریداو دەفەرموێت :(ئەگەر کوڕێك هات و داوای کچتانی کرد، ئەم کوڕە هەردوو سیفەتی ئایین و ڕەوشتی تێدابوو کچەکەی خۆتانی بدەنێ ) بێگومان ئایین و ئەخلاق زۆر شت دەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە ئەخلاق هەر ئەوەندە نییە کوڕەکە زینا نەکات، نەخێر واتە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، درۆ نەکات، ڕێز لە بەرامبەر بگرێت، ڕێز لە ئافرەت بگرێت، توانای بەخێوکردنی خیزانی هەبێت، ئەقڵ و هۆشی تەواو بێت، دیسان بۆ ئەهلیەتی ئافرەتیش دەفەرموویت

**ئەگەر ئافرەت لەدەرەوە کاربکات، دەبێت پیاو لە کاری ماڵەوە هاوکاری بکات، ئەگەر هاوکاری نەکات ئەوە زوڵمە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئافرەت دوو کار دەکات و پیاو یەک کار**

(ئافرەت لەبەر چوار شت بەزۆری دەخوازرێت، یان لەبەر ئـــەوەی جوانە، یان لەبەر ئـــەوەی دەوڵەمەندە، یان لەبەر ئەوەی ماڵـــی باوکی کچە خانەدانن، یـــان لەبەر ئایین و ئەخلاقەکەیەتـــی)، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویت: ئەو ئافرەتـــە هەڵبژێرن کـــە ئایین و ئەخلاقـــی هەیە، بەوە ســـەربەرز دەبیت، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوانی دیکە فەرامۆش بکرێن، بەڵکو ئاییـــن و ئەخلاق پێش هەموو شـــت لەبەر چاو بگیرێن، ئەوجا ئەگەر جگە لە ئایین و ڕەوشـــتەکەی جوانیش بوو ئەوە باشتر، ئەگەر دەوڵەمەند بوو دیســـان باشـــتر، ئەگەر لە بنەماڵەیەکی خانەدانیش بووە ئـــەوە هەر بەرەکەتە، بۆیە ئەگەر ســـەیر بکەین چ بنەمایەکی ئەهلیەت بۆ پیاو دانراوە کە ئایین و ئەخلاقە هەمـــان بنەمای ئەهلیەتیش بۆ ئافرەت دانراوە، بەڵام بۆ مەسەلەی ماڵ بەخێوکردن، بەڵێ دەبێت پیاو توانای ماڵ بەخێوکردنی هەبێت، چونکە لە ئیســـلامدا بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ لەسەر پیاوە و لەسەر ژن نییە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئافرەت ناتوانێت ماڵ بەخێو بکات، بۆیە ئەگەر ژنەکە دەوڵەمەند بێت و بیەوێت هاوکاری هاوســـەرەکەی بکات لە بەخێوکردنی ماڵدا، ئەوە هاوکاریەکی زۆر باشە و خێریشـــی بۆ دەنووســـریت، هەروەها ئافرەت دەتوانێت کاری دەرەوەش بکات، بەڵام کە کاری دەرەوە دەکات نابێت زوڵمی لێ بکریت، لەبەر ئەوەی ئافرەت بێجگە لە کاری دەرەوە کارێکی دیکەشی هەیە کە بەڕێوەبردنی ماڵە، بۆیە ئەگەر ئافرەتەکە لەدەرەوە کار بکات و کە هاتەوە ماڵەوەش کاری بەڕێوەبردنی ماڵەوەشی هەر لەسەر بێت ئەوە زوڵمی لێدەکرێت، بەڵام ئەگەر وەك چـــۆن ئافرەت لەدەرەوە کار دەکات بـــۆ بەخێوکردنی خێزان هاوکاری هاوســـەرەکەی دەکات، ئەگـــەر گەڕاشـــنەوە ماڵـــەوە پیاوەکە لە کاری بەڕێوەبردنی خێزاندا هـــاوکاری ژنەکەی بکات و نەڵێت ئـــەوە کاری ژنە و کاری من نییە، ئەمەیان هاوکاریەکی باشـــە، بەڵام ئەگەر پیاو هاوکاری ژنەکەی نەکرد و لە هەمانکاتیشـــدا وەك پیاوەکە لـــەدەرەوە کاری کرد، بۆیە ئیســـلام ڕێگری لەوە نەکردووە کە ئافرەت لە دەرەوە کار بکات، بەڵام نابێت لەیەك کاتدا ئافرەت دوو کار بکات و پیـــاو تەنها یەك کار بکات، ئەوجا کە پیاوی ئێمە ئامادە نییە لـــە بەڕێوەبردنی ماڵ و لـــە بەخێوکردنی منداڵدا هاوکاری ژنەکەی بکات، ئەوا لە ئیســـلامدا ئەهلیەتی پیاو بۆ هاوســـەرگیری ئەوەیە کە بتوانیت ماڵ و منداڵ بەخێو بکات، بەمەش هاوســـەنگی دروســـتکردووە، هەر کاتێك پیاو ڕازی بوو یان ئامادەباشـــی پیشاندا لەماڵەوە هاوکاری ژنەکەی بکات لەبەر ئەوەی ژنەکەشی وەك ئەو کار دەکات، ئەوا ئەو هاوســـەنگییە دەگەڕێتەوە و هیچ کێشـــەیەك نییە، بەڵام ئەو هاوکارییە نەکات جائیز نییە، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی ژن و پاراستنی مافی ژنە.

*** ئەگەر ئەهلیەتی پەروەردەکردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ، وەك سیاســـەتی خێزانی ســـەیر بکەین کە ئافرەت ڕۆڵێکی هیجگار سەرەکی و گەورەی تێدا دەگێڕێت، بەڵام خاوەنی ئەهلیەت نەبێت لە داڕشـــتنی سیاسەتی خێزاندا، ئایا ئەم فەرامۆشکردنەی ئافرەت چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی خێزان هەیە؟**

- ئەو فەرامۆشـــکردنە ئیســـلام ڕێگەی پێنادات و قبوڵی ناکات، لەبەر ئەوەی ئیسلام قبوڵی فەرامۆشکردنی ئافرەت نـــاکات لە هیچ کایەکی ژیاندا و نە لەماڵەوە نە لەدەرەوەی ماڵەوەدا، لە ماڵەوە ئافرەت دەنگ و ڕا و قسەی و بڕیاری هەیـــە و ڕاوێژی پێدەکرێت، چونکە ئەو ماڵە بەتەنها ماڵی پیاو نیە و ماڵی هەموانە و مناڵیش کە گەیشـــتە تەمەنی هەرزەکاری دەبێت ڕای ئەوانیش وەربگیرێت، پیاو لەماڵەوە دیکتاتۆر نیە، ئایەتیك هەیـــە دەڵێت (الرجال قوامون علی النساء) ئەم ئایەتە ماناکەی بەو جۆرە نییە کە پیاو زاڵە و هەرچی وت هەر قسەی پیاوە، نەخێر ماناکەی بەو جۆرەیە، وەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد پێغەمبەر(د.خ) ڕاوێژی بە ژن کردووە و بەقسەشـــی کردووە و سەریشکەوتووە، بۆیە مانای ئـــەو ئایەتـــە بەوجۆرەیە کە پیـــاو کارەکان بەڕێوە دەبات و ماندوو دەبێت و خزمەتی خێزان دەکات، خێزانیش گرنگترین دەزگایە بۆیە پێویســـتە یەکیك هەبێـــت بەڕێوەی بەرێت، هەروەك هەر دامەزراوەیەك پێویستی بە بەڕێوەبەرێك هەیە. کەواتە پیـــاو دیکتاتۆر نییە بەڵکو ئـــەوە ئەو بڕیارەیە کە ئەندامانـــی خیزان بە ڕاوێژ پێکـــردن دەیدەن، پیاوەکە تەنها جێبەجێی دەکات، نەك پیاوەکە بڕیار بدات، لەم حاڵەتەشـــدا ئیسلام ڕێگە نادات ئافرەت فەرامۆش بکرێت.

*** بەڕێزتـــان دەزانن هەر کۆمەڵگەیـــەك بریتییە لە کۆی خێزانەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە سیاسەتی خێزانیدا ڕۆڵی ئافرەت فەرامۆشـــکراوە، ئەوا لە سیاسەتی کۆمەڵایەتیشدا لەسەر ئاســـتی نەتەوە یان ئاستی وڵات، دیســـان ڕۆڵی ئافرەت فەرامـــۆش دەکرێت، ئایا پەیوەندی بە دابونەریتی کۆمەڵگەوە هەیـــە یان کاریگەری ئایینی کۆمەڵگەیە کە ئێمە وەك گەلی کورد موسڵمانین؟**

- ئێمـــە دان بەوەدا دەنین لە واقیعـــی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەندێك جـــار ڕۆڵی ئافرەت فەرامۆشـــکراوە، گرنگی بە ئافـــرەت نادرێـــت و مافەکانی پێشـــێل دەکرێت، گوێ لە ڕاوێژەکانیـــان ناگیرێت، بەڵام وەك پێشـــتریش ئاماژەمان پێکرد ئەوە ئیســـلام نییە وادەکات، بەڵکو ئەمە خەڵکەکەیە وا دەکات، ئـــەم خەڵکە لەبەر کۆمەڵێـــك هۆکار وادەکات، یەکەمیان: نەزانینە، یان شارەزا نەبوونی درووست لە ئایینی ئیســـلام، دووەم: کاریگەری هەندێـــك دابونەریتی کۆنی بەسەرچوو، لەبەر ئەوەی ڕاســـتە دابونەریتی زۆر جوانمان هەیە و دەبێت بیپارێزین، بەڵام هەندێك دابونەریتیشمان هەیە تەنیا بۆ ئەوە باشـــە وەلایان بنێین و بیانگۆڕین و پێویستە بوێریمان هەبێت بۆ ئەوەی بیگۆڕین، خاڵی سێیەم: لاوازی خودی ئافرەتە کە ڕۆڵی خۆی نابینێت و داوای مافەکانی خۆی ناکات. بە ڕای من ئەم سێ هۆکارە بوونە هۆکاری ئەوەی ئافرەت فەرامۆش بکرێت.

**میرات دابەشکردن ٣٢ جۆرە تەنها لەیەک حاڵەتە کوڕ دوو هێندەی کچ دەبات، لە شێوازەکانی دیکە زۆر جار ژن زیاتر وەردەگرێت یان یەکسانە لەگەڵ پیاودا**

**فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە ئیسلامدا بوونی نییە، ئیسلام قبوڵ ناکات نە لە خێزان و نە لەدەرەوەی خێزان ڕۆڵی ئافرەت فەرامۆش بکریت، بەڵام دەبێت ئافرەتانیش بوێر بن و داوای مافی خۆیان بکەن**

# هۆکاری سەرەکیی نەگەیشتنی ئافرەت بە پۆستی باڵا پەیوەندی بە تێڕوانینی پیاوەوە هەیە

**جۆن لۆك دامەزرێنەری شۆڕشی ئارامی ١٦٨٨ی بەریتانیا کە بە باوکی لیبرالیزمی سیاسی ناسراوە، روانگەی تایبەتی بەرامبەر بە پێگەی ئافرەتان هەیەو جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هۆکاری سەرەکیی نەگەیشتنی ئافرەت بە پۆستی باڵا پەیوەندی بە تێڕوانینی پیاوەوە هەیە. لە هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای ئەوەی تا رادەیەك بۆ هاتنەپێشەوەی ئافرەتان لە کاروباری ئیداری و سیاسی و حزبی و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا کاری بەرچاو کراوە، لێ ژمارەی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکاندا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات. لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە پیاو وێنەیەکی شێواوی بۆ ئافرەت کێشاوە، کارەساتی گەورەش ئەوەیە، ئافرەت بە جۆرێك بڕوای بەو وێنەیە کردووە، تا ئەو ئاستەی خۆی گومانی لەوە هەیە کە پێویستە لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت، تەنانەت بەوەش قایل بووە کە پاشکۆی پیاو بێت. لە ئەورووپاش تا سەدەی نۆزدەیەم کە ئەوسا باوکسالاری سەروەر بووە، بە سووکی سەرنجی ئافرەت دراوە، ئەو تێڕوانینە بۆ ئافرەتانی رۆژئاوایی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. بەڵام لە ئاسیا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی کرۆکی ئەو جۆرە تێڕوانینە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە. بۆیە تا هەنووکەش کۆسپ و کۆتیان لە بەردەم دروست دەکرێ و هێندە سانسۆریان لەسەر دانراوەو جەستەیان زەوت کراوە، کە بە دەگمەن ئافرەت هەیە هەستی بە کارامەیی و تواناکانی کردبێت. واتە رێگرییە نەریتی و ئایینی و کەلتوورییەکان دەرفەتیان بە ئافرەت نەداوە، لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا توانای خۆیان تاقی بکەنەوە.

گەرچی ئافرەتی کورد لە مێژووی رابردوویدا پێگەی بەرزی هەبووە، بەڵام بەرە بەرە بە هۆی کەلتووری هاوردەو داگیرکاری وڵاتەکەی، ئافرەت بە بیانووی کورد بوون و ئافرەت بوونەوە، نەك رێگەی گەشەکردنی سیاسی هەموار نەکراوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك چەوساوەتەوە. بۆیە ئافرەتی کورد لە خەباتی شاخ و شاریش پشکی شێری بەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا وەکو پێویست ئاوڕ لە تواناکانی ئافرەتی کورد نەدراوەتەوە. لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لە دوای پرۆسەی رزگارکردنی رژێمی بەعس ئافرەتان بە رێژەیەکی بەرچاو لە خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتوون، بەڵام هێشتا پێگەی سیاسییان بە رێگەیەکی بەرچاو بەهێز نەکردووە. بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە سێ پارێزگادا دەگاتە (٤،٩٩٤،٦٣١) کەس و لەم رێژەیەش (٢،٤٨٧،٣٩٧)کەسیان ئافرەتن، بەڵام کەمترین رێژەی ئافرەت لە پۆستە باڵاکانی حکوومی و حزبیدا دەبیندرێن.

**کۆمەڵگەی نەریتی حساب بۆ پیاوی بێدەسەڵاتیش ناکات**

کۆمەڵناس شێروان سەلیم، لەو بارەیەوە بۆ گوڵان دەڵێت «لە ڕووی سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەتا ئێستا لەکوردستان هێز بەسەر هەموو کایەکاندا زاڵ بووە، لەسۆنگەی ئەم چەمکەوە



هەموو دەرگاكانی دیالۆگ دادەخرێن، واتە كاتێك پێوەری هێز بەسەر هەموو كایەكاندا زاڵ بێت، هیچ رێگەیەك بۆ دیالۆگ نامێنێتەوە، بۆیە ئافرەت ناتوانێت بگاتە پۆستێكی باڵا و پێگەیەك بۆ خۆی دروست بكات».

ئەو كۆمەڵناسە ڕایوایە «گرفتی كۆمەڵگەی نەریتی لەوەدایە تەنیا دان بەپیاوە بەهێزەكاندا دەنێت، تەنانەت حساب بۆ پیاوی بێدەسەڵات ناكات، ئیتر چۆن ئافرەت لەكۆمەڵگەیەكی ئەوها توندوتیژدا دەبێتە خاوەن پێگە؟».

چاودێری سیاسی هاژە عەلی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەكات كە بەگوێرەی راپۆرتی گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان مافی ئافرەتان بەپەیمانی نەتەوەیەكگرتووەكان مسۆگەر بووە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان ئافرەت لە دەرەوەی سیاسەت رادەگیرێ و پەراوێز دەخرێت، گوتیشی «بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی نەتەوەیەكگرتووەكان رێژەی بەشداریكردنی ئافرەتان لەكایە سیاسییەكاندا لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئاستێكی زۆر نزمدایە، بۆ نموونە بەشداری سیاسیی ئافرەتان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ناگاتە (١٠٪)، لەوڵاتێكی وەك هیندستان بەشداری ئافرەتان لەكایە جیاوازەكانی سیاسەتدا تەنیا (١٢٪) بووە، ئەم ڕێژەیە لە وڵاتانی ناوچەكە كەمترە، بۆ نموونە لە وڵاتی یەمەن رێژەی بەشداری ئافرەتان تەنیا (٥٪) و لەوڵاتێكی وەك كوێت ئافرەتان مافی دەنگدانیشیان بۆ هەڵبژاردن نییە، لەكاتێكدا لەوڵاتی سعودیە رێژەی بەشداری ئافرەت لەكایە سیاسیەكان هەر هەستی پێناكرێت و ڕەنگە رێژەكەی لە (٠١٪) كەمتر بێت، لە هەرێمی كوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە ئافرەتان ڕۆڵێكی كارایان هەیەو بەرزترین رێژەی بەشداریی سیاسیی و حكومی و پەرلەمانییان هەیە» گوتیشی «خۆشبەختانە لە ڕووی بەشداری سیاسەتەوە رێژەی ئافرەتان لەهەڵكشاندایە، بۆ نموونە خۆشبەختانە لەپەرلەمانی كوردستان بە ڕێژەیەكی باش ئافرەت بوونی هەیە، كە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان زیاترەو لەگەڵ ئەوەش سیستمی كۆتایان بۆ ئافرەت داناوە، بەشداری ئافرەتان لەڕیزی سەركردایەتی پارتە سیاسییەكاندا تائێستا لەئاستی پێویستدا نییە و كارەساتیش ئەوەیە كە ئافرەت لەسەردەمی جیهانگیریدا نەیتوانیوە بگاتە شوێنی بڕیار».

دواتر هاژە كەمبوونی دەرفەت بۆ گەیشتنی ئافرەت بەپۆستی سیادی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە، لەوانە: «ئافرەت ئەركی زیاتری خراوەتە سەرشان، دایكایەتی و كاروباری ناوماڵ و كۆسپەكانی نەریتی كۆمەڵگە و توندوتیژی ڕەگەزی و . هتد، خاڵێكی دی كەمتەرخەمی خودی ئافرەتانە كە خۆیان بەشتی لاوەكی سەرقاڵ كردووەو نەمانتوانیوە وەك پیاو لەشوێنی پێویست ئامادەییمان هەبێت، هەروەها نەبوونی متمانەی ئافرەتان بە یەكتری كارەساتێكی دیكەیەو دەبێت ئافرەتان خۆیان لەو بیركردنەوەیە دەربازبكەن، كە بەرامبەر یەكتری هەیانە».

## پیاوان لەدابەشكردنی پۆستەباڵاكاندا ئافرەت بێبەش دەكەن

سۆزان عارف سەرۆكی رێكخراوی تواناسازیی ژنان، ئەوە دەخاتەڕوو كە بەپێی ئامارەكان ئافرەتان ٦٠٪ی مرۆڤی جیهان پێكدەهێنن بەڵام لە پۆستەكاندا رێژەیان زۆر لە پیاوان كەمترە، سەبارەت بە هۆكارەكانیشی گوتی «كۆمەڵگەی باوكسالاری و نەریتی خێڵەكی هەمیشە بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاكان پشتگیری پیاوان دەكات، هەروەها ئافرەت چەندین ئەركی هەستیار و زۆر زەحمەتی هەیە، كە بریتین لە پەروەردەكردنی منداڵ و سەرپەرشتیی كاروباری خێزان، كاركردنی لە دەرەوەی ماڵ، سەرپەرشتی پەیوەندییە خێزانیەكان و بەستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و سەردانی خزم و كەس و راپەڕاندنی ئەركی میوانداری و...هتد، بۆیە ئەستەمە بتوانێت ئەم هەموو ئەركەی لەسەر شان بێت و هەولێ پۆستی باڵا بدات»

سۆزان عارف رەخنە لەوە دەگرێت كە لەهەرێمی كوردستان، لە دابەشكردنی پۆستەباڵاكاندا ئافرەت بێبەش دەكرێت، واتە لەدامودەزگاكان و دروستكردنی لێژنەكانی بەڕێوەبردن و كارگێڕیدا ئافرەت بێبەش دەكرێت و پیاوان دەڵێن ئافرەت ناتوانێت ئەو پۆستانە بەڕێوەببات، زۆربەی هەرە زۆری زەمالەو ئاسانكارییەكانی بواری خوێندن بۆ پیاوان تەرخانكراوە». گوتیشی «تا ئێستا باوەڕێكی فعلی نییە بۆ ئەوەی ئافرەت بەتەواوی بەشداری دەسەڵات بكات، نیوەی كۆمەڵگە نەیتوانیوە وەك پێویست بەشداری لە پرۆسەی گەشەپێدان بكات، كۆمەڵگە ئەگەر لەپۆستە باڵاكاندا بەشداری بە ئافرەت نەكات، وەك ئەوە وایە كە مرۆڤێك لەسەر یەك قاچ ڕاوەستابێت.

سەرۆكی رێكخراوی تواناسازیی ژنان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە سیستەمی كۆتا تا چەند كاریگەری لە بەرەوپێشبردنی پێگەی ئافرەتاندا هەوبووە؟ گوتی «سیستەمی كۆتا تەنیا بۆ دەسەڵاتی یاسادانانە و دەسەڵاتەكانی جێبەجێكردن و دادوەری نەگرتۆتەوە، هەرئەمەش وایكردووە كە لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا تەنیا یەك وەزیری ژنمان هەبێت، هەروەها ئەو ئافرەتانەی كە بە كۆتا دەچنە پەرلەمان كەسانی لێوەشاوەبن، واتا توانای ئافرەتەكان گرنگە كە دەبنە ئەندام پەرلەمان، نەك رێژەكەیان چەندە، دەبێت بزاین ئەو ئافرەتانە دەتوانن چی بكەن، یان چییان كردووە، نەك ئەوەی تەنیا ڕێژەیان زیادبكرێت، بۆیە پێویستە ئافرەتان زیاتر خۆیان ماندووبكەن و هەوڵبدەن ئەنجامیان هەبێت، هەتا قەناعەتێك بۆ كۆمەڵگە دروست بكەن، كە ئەوان توانای ئیشكردنیان هەیە، سیستەمی كۆتا تاهەتایە بەكارنایەت، بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتانە لەم مەرحەلە تەجروبییەدا سەركەوتوو بن، بۆ ئەوەی چارەسەرەكان شكڵی نەبن و چارەسەری بنەڕەتی بن».

## كۆمەڵگە هێڵی سووری بۆ ئافرەتان زۆرە

توێژەری كۆمەڵایەتی شەیدا ئەنوەر بالخی دەڵێ «هەر كۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمایەك و بەشێویەك لەشێوەكان ئافرەتی خۆی پەرەوەدردە دەكات، كۆمەڵگەی كوردەواریش ئافرەتێكی جیاواز لە كۆمەڵگەی رۆژئاوایی بەرهەم دەهینێت، چونكە لە كۆمەڵگەی كوردەواری كۆمەڵێك فشار لەسەر ئافرەتان هەیە كە وایكردووە لە چوارچێوەیەكی تەقلیدی دیاریكراودا بژین و خۆیان لە بەشێكی زۆر لەپیشەكان بەدوور بگرن، نموونەش بۆ ئەمە پیشەی مامۆستایەتییە كە زۆرترین رێژەی ئافرەتان بۆ ڕازیكردنی مێردەكانیان هەڵیدەبژێرن و لە بەرامبەریشدا كەمترین رێژەی ئافرەت ڕوو لە كاركردن لەهەندێك پیشەدا دەكەن كە هێڵی سووری لەلایەن كۆمەڵگەوە بۆكێشراوە».

ئەوتوێژەرە جەختی لەوەش كردەوە كە «پیاوان، ئافرەتێكیان دەوێت بەتەواوی پابەندبێت بەهەموو بڕیارەكانیان، بۆیە هەمیشە ئافرەت لەچوارچێوەیەكدا دەهێڵنەوە كە نەتوانێت دەست بخاتەناو كاروبارەكانی پیاوانەوەو هەرگیز ئافرەتێكی سەربەستیان پێ قبوڵ ناكرێت، بۆیە ئافرەتێك لە منداڵییەوە لەژێر دەستی ماڵی باوكیدا بێ ئیرادە كرابێ، ئیتر چۆن دەتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت و بگاتە ئاستێكی گرنگی بڕیاردان؟».

**لە هەرێمی كوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە ئافرەتان رۆڵێكی كارایان هەیەو بەرزترین رێژەی بەشداری سیاسیی و حكومی و پەرلەمانییان هەیە**

**لە هەرێمی كوردستان بانگەشەی دیموكراسی و مافی مرۆڤ دەكرێت، بەڵام لەدابەشكردنی پۆستەباڵاكاندا ئافرەت بێبەش دەكرێت**

**پیاوان هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵگەیان خستۆتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیان و ئامادەنین ئافرەت بێتە ناو مەیدانی كۆمەڵایەتی و سیاسی**